# کۆباسی فەتوای زانایان لەسەر بانگی تۆمارکراو

## الجامِع لِفتاوى العُلماءِ حولَ الأذانِ المُسجّل

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:

ئازاد فائق پێنجوێنی

پێداچوونەوەو پێشەکی:

م. نوری فارس حمە خان

م. محمد ملا فائق شارەزووری

م. سامی مزوری

١٤٤٤ك-٢٠٢٢ز

بسم الله الرحمن الرحيم

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب بەعەرەبی: الجامع لفتاوى العلماء حول الأذان المسجل.

ناوی کتێب بەکوردی: کۆباسی فەتوای زانایان لەسەر بانگی تۆمارکراو.

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: آزاد فائق پێنجوێنی.

پێداچوونەوەو پێشەکی: م. نوری فارس محمد خان، م. محمد ملا فائق شارەزووری، م. سامی مزوری.

ژ. لاپەڕە: ٢٩ لاپەڕە ١٤×٢١.

چاپخانە: زانا.

چاپی: یەکەم.

تیراژ: ١٠٠٠.

ئەم نامیلکەیە لە کتێبخانەی ڕێنوێن دەبەخشرێت

ئەم نامیلکەیە نافرۆشرێت ولەپێناوی خوادا دەبەخشرێت

مافی چاپکردنەوەی پارێزراو نییە.

## پێشەکی مامۆستا نوری فارس حمه خان

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ وَالصلاة وَالسَّلاَمُ عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ وَعَلَى مَنْ وَالاَه.

لەپاش ئەمە عەرزم ئەمەیە: برای بەڕێزم (**کاك آزاد**) سلاْوی خواتان لێ بێت، ڕیسالەکەی جەنابت لەبارەی بانگدانەوە موتالأمکرد بەوردی، وە شتێکی زۆر جوان و ڕێکو پێکە، وە بەندە ئەمەتان عەرز دەکەم کەکوفری عالەمی بەقیادەی ئەم سێ صادە: (صَلِبِيّة و صُهيونِيَة و صَفَويِّة) هەر ڕۆژەی بەناوێکەوە هەوڵ دەدەن کەئەم ئیسلامە جوان و پیرۆزو ڕێکو پێکە تێکو پێك بدەن و بەپێی تواناو ڕۆژ هەر ڕۆژەی بەناوێکەوە هێرش دەکەنە سەر شتێکی پیرۆز لەئیسلامدا، ڕۆژێ هێرش دەکەنە سەر سوننەت بەناوی قورئانییەوە، ڕۆژێ ئیمامی جەماعەتی نوێژە فەرزەکان دەکەن بەژنان و بەژن پێشنوێژی بۆ پیاوان دەکەن، وەعەقلێ و فەلسەفەیان کردووە بەئاغا بەسەر ئایینەوە، هاکا پێغەمبەری ئەلیکترۆنیان پیادەکرد؟

وەمن لەم بوارەدا ئەم چەند خاڵە عەرزی مسوڵمانان دەکەم، گەرچی لەوڵاتی ئێمەدا وا بەربەرەڵایی بڵاو بووەتەوە هەمووشتێك پێچەوانە بووەتەوە:

١- بانگدەر دەبێت ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەکتێبە ناودارە باوەڕپێکراوەکانی فیقەو حەدیسدا گوتراوەو نوسراوەو هەتا ئەم سەردەمە کاریان پێ کراوە.

٢- بانگدان بەبانگدانی تۆمارکراو بۆ نوێژە فەرزەکان لەمزگەوتەکان و لەوێنەی مزگەوتەکاندا حەرامە، وەئەوکەسەی دەست دەنێت بەئامێرەکەدا تابانگ بدات ئێرتیکابی گوناهی گەورە دەکات و تەرویجی ئەوجۆرە بیدعەیە دەدات کەلەحەقیا گوتراوە: ((كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ، وَكُلُّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ)) وە قەشمەری بەهەموو پەڕاوە پیرۆزەکانی شەریعەت و یاسا نامەی خودای گەورەو سەروەر دەکات.

٣- بەتایبەت بانگی یەکەمی بەیانی و بانگی پێش نوێژی هەینی.

٤- ئەمە فێڵ و تەفرەدانێکە بۆ ئەوەی کەوەزیفە دینییەکان کەم بکەنەوەو نان و مەعاشی پیاوانی ئایینی ببڕن.

٥- ئەو مەلایەی ڕێگە بدات کەبانگ بەئامێری دەنگی بدرێت ئەویش گوناهباردەبێت بەگوناهەگەورەکان، وەنوێژکردن لەپشتییەوە کەراهەتی تەحریمی هەیە.

٦- ئەگەر کەسێك بڵێت: ئەی بۆ گوێ گرتن لەقورئانی تۆمارکراو کارێکی دروستەو پاداشتی باشی هەیە؟ دەڵێین: ئەوە

قیاسی مع الفارقه، چونکه قورئان خوێندن و گوێ گرتن لێی زۆر زۆر جیایه.

٧- ئەوکەسەی کەگوێی لەبانگی تۆمارکراو بێت دروست نییه کاری پێ بکات وەك ئەوە نوێژی پێ بکات یان ڕۆژووی پێ بشکێنێت .....

٨- بەڵام تۆمارکردنی بانگ بەمۆبایل و شتی تری لەوجۆره دروسته بۆ ئاگادارکردنەوەی تاکەکەس، چونکه ئەوە لەوێنەی عەلاماتەکانه وەکو سەوادی ئێواران و لادانی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان و شەبەق و خۆر کەوتن و دەنگی کەڵەشێرو ئەوجۆره نیشانانەی تر...

ئیتر لەخوای گەوره داواکارم کەئەم ئایینه پیرۆزو زۆر جوان و ڕێکو پێکه وەئەم کوردستانه کەبەهەشتی جیهانه هەتاسەر پێی برازێتەوەو دەمو دەست و چاوی ناحەزان لەئاستیان تووشی ئیفلیجی بکات.

والسلام علیکم ورحمة الله وبركاته.

**الفقیر: نوری فارس حمەخان**

خادم العلماء والمشايخ والفقراء

٢٧/محرم/١٤٤٤ك- ٢٠٢٢/٨/٢٥ز

## پێشەکی ماموٚستا محمد ملا فائق شارەزووری

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، أما بعد:

بانگدان دروشمی ئیسلامەو هێمای ولاّتی مسولّمانانە، خواپەرستییەکی گەورەیەو پاداشتی زۆرەو ئەرکی سەرشانی مسولّمانانەو پێویستە پیاوێکی مسولّمان بەوکارە هەلّسێت وەك خۆشەویستمان ﷺ فەرموویەتی: ((فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ))[1]، واتە: ((با یەکێکتان لەخۆتان بانگتان بۆ بدات))، یەکێکیش لەگرفتەکانی ڕۆژگار بانگی تۆمارکراوە کەلای زانایان نادرووست و ناپەسەندە، برای بەڕێزمان کاك (آزاد پێنجوێنی) هەستاوە بەکۆکردنەوەی فەرموودەو فەتوای زانایانی تایبەت بەوباسە.

ئەم نووسینەش نووسراوێکی بەسوودو بەپێزە، ئومێدەوارم جێی سوودی مسولّمانان بێت، خوای گەورەش پاداشتی نووسەرەکەی بداتەوە، آمین.

**محمد ملا فائق**

**١٩/محرم/١٤٤هـ**

---

١- أخرجه البخاري: (٦٢٨)، ومسلم: (٦٧٤).

## پێشەکی مامۆستا سامی مزوری

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ وَالصلاة وَالسَّلاَمُ عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ وَبَعْدُ:

زۆرجار زانایانمان حوکمی بابەتێکی فیقهی لەکتێبەکانی بیروباوەڕدا باس دەکەن، بۆ نموونە: (المَسْحُ عَلَى الخُفَّيْن) کە بابەتەکەی فیقهە لەگەڵ بابەتەکانی پاکو خاوێنی باسدەکرێت پێش بابەتی نوێژ، بەڵام لەکتێبەکانی بیروباوەڕیشدا (المَسْحُ عَلَى الخُفَّيْن) دەبینین، بۆچی؟

چونکە ئینکاری کراوە دوای ئەوەی جێی ئیجماعی زانایان بووە، لەبەر ئەم بابەتەی لەفیقەدا دەرهاتووە بۆ بیروباوەڕ تاوەکو خۆی وەکو ناسنامە پیشان بدات.

ئەگەر ئەمە بۆ (المَسْحُ عَلَى الخُفَّيْن) کرابێت ئەی شەعیرەیەکی گەورەی وەکو ((**بانگدان**)) کە لەزەمانی پێغەمبەرماندا ﷺ نیشانەی جیاکرنەوەی کوفرو ئیمانی خێڵ و دێهات و شارەکان بوو، کەواتە ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت و دەبیسترێت کەبانگی مزگەوتەکان جودا جودا یەکبخرێت–بەپاساوی پەیدابوونی تەکنەلۆجیا– ئەگەر بەنیەتێکی پاکو لەپاڵ فەتوای چەند زانایەکەوەبێت یان بەنییەتێکی ناپاکو دژایەتی ئیسلام بێت، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەنجامەکە

کردنەوەی دەرگای لەناوبردنی ئەم شەعیرە گەورەیەیە، ئەمڕۆ دەنگی یەك بانگدەر بۆ مزگەوتەکان پەخش دەکرێت، سبەی تەنها بە (**مسجل**) دەنگەکە پەخش دەکرێت بۆ مزگەوتەکان و بانگدەری ناوێت، دوو سبەی پێویست ناکات دەنگەکە بۆ مزگەوتەکان پەخش بکرێت، ڕادیۆی وەزارەت کافیە...

کەواتە بابەتەکە مشتومڕی فیقهی نییە بەڵکو بیروباوەڕە، هەر لەبەر ئەمە لەئەمڕۆماندا نووسین و بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەکی پڕ بەرەکەتی وەکو ئەمەی لەبەر دەستمانە (کۆباسی فەتوای زانایان لەسەر بانگی تۆمارکراو) جێی دەستخۆشیەو قەڵغانێکی بەرگرییە لەئاینی ئیسلام، خودا قەبوڵی بکات لەنووسەری بەڕێزی مامۆستا (**آزاد پێنجوێنی**)و گشت ئەوانەی هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدەن بەنییەتی پارێزگاری لەم شەعیرە گەورەیە کەسەدان ساڵە شارو دێهاتەکانمان دەڕازێنێتەوەو ژیانی ڕۆژانەمان ڕێك دەخات...

**مەلا سامی مزوری**

٢٦/ محرم/ ١٤٤٤هـ

## پێشەکی ئامادەکار

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الأمين مُحَمَّد وعلى آله وصحبه أجمعين... أما بعد:

بانگدان شیعارێکی گەورەی ئاینی ئیسلامە، هەر لەسەرەتای هاتنی ئیسلامەوە لەساڵی یەکی کۆچییەوە بانگدراوەو مسوڵمانان ئەو شیعارە گەورەیەیان زیندووکردووەتەوە وەك هەرکام لەعیبادەتەکانی تر، بۆیە جێی خۆیەتی بەگرنگییەوە لێی بڕوانین و گرنگی پێ بدەین، چونکە وەك زانایان دەفەرموون بانگدان جیاکردنەوەی وڵاتی باوەڕدارانە لەوڵاتانی کوفر.

هەروەك دەزانین لەئاینی ئیسلامدا هەرکارێك ئەنجام بدرێت پێویستە بەبەڵگەوە ئەنجام بدرێت، ئەگەر وانەبێت ئەوکارە قەبوڵکراونییەو لەشەرعدا کاری پێ ناکرێت وەدەبێت ئەو کارە هەروەکو پێشتر ئەنجام بدرێت، سەبارەت بەبانگدان بەتۆماری دەنگی (**المسجل**) زانایانی سەردەم لەدوای وردبوونەوە لەدەقەکان وە وتەی زانایانی پێشوو سەبارەت بەبەکارهێنانی تۆماری دەنگی بۆ بانگدان لەناو مزگەوتدا ڕوونکردنەوەیان داوە، هەروەها چەند خەڵێکیان باسکردووە لەسەر ئەو تۆمارە دەنگییە کەنادروستەو نابێتە جێگرەوەی بانگبێژ بۆیە نابێت بەکار بهێنرێت، هەروەکو قاعیدە فیقهیەش دەڵێت: (الأصل بقاء ماكان على ماكان)، واتە: (**ئەسڵ مانەوەی ئەو کارەیە لەسەر شێوازی پێشووی**) مادام بەڵگە

نەبێت لەسەر پێچەوانەکەی، ئێمەش لێرەدا فەتوای زانایانی چەند ولاّتمان نەقلّکردووە سەبارەت بەو بابەتە.

داواکارم لەخوای پەروەردگار ئەم نووسینە بکاتە هۆکاری ڕاستکردنەوەی ئەو بابەتەو وازهێنان لەبەکارهێنانی ئەو تۆمارە دەنگییەیانە لەمزگەوتەکاندا، وەلەجیاتی ئەوە گرنگی زیاتر بدەرێت بەڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان وفێرکردنی بانگبێژان بەشێوازێکی دروست تا بانگبێژانمان بێبەش نەبن لەوپاداشتەی بانگدان.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

**آزاد فائق پێنجوێنی**

(٢٢/ محرم/١٤٤٤ك– ٢٠/٨/٢٠٢٢ز)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## پێناسەی بانگدان

**بانگدان لەزمانەوانیدا:** (أذان) واتە: (إعلام)[2] ڕاگەیاندن، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ﴾(الحج:٢٧)، واتە: ﴿جاڕبدە بەناو خەڵکیدا کاتێك دێنە لات بۆ حەج﴾، واتە: ئاگاداریان بکەرەوە.

**وەلەشەرعدا:** عیبادەتێکی خواییە بە بانگەوازکردن بۆ کاتی نوێژە فەڕزەکان بە چەند وتەیەکی دیاریکراو[3].

کەواتە بانگدان عیبادەتە وەکو چۆن بەجێ گەیاندنی نوێژو زەکات و حەج و ڕۆژوو عیبادەتن.

## ئەگەر بوترێت چۆن بانگدان عیبادەتە؟

**دەڵێین:** هەروەکو زانایان دەڵێن بانگدان پاداشتی لەسەر وەردەگیرێت، هەروەکوو لەفەرمووده صەحیحەکاندا پاداشتی

---

٢- مقاييس اللغة: ص٣٣.

٣- صحيح فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة: (١/٢٧٠).

بانگدان باسکراوە، وە هەرکارێکیش پاداشتی لەسەر وەربگیرێت عیبادەتە وەکو: نوێژ و ڕۆژوو هەرعیبادەتێکی تر.

وەئیمامی شافعی (رحمه الله) بەقەولی ڕاجح و، حەنبەلییەکان بانگ و قامەت بەگەورەتر دەزانن لە ئیمامەت[٤]، خۆ ئەگەر بانگدان عیبادەت نەبێت پاداشتی گەورەتر نابێت لە ئیمامەت.

وە ابن قدامه(رحمه الله) دەڵێت: "وليس للرَّجُلِ أنْ يَبْنِيَ على أذانِ غيره؛ لأنَّه عبادَةٌ بَدَنِيَّةٌ، فلا يَصِحُّ مِن شَخْصَيْنِ، كالصَّلاةِ"[٥].

واتە: "کەسێك ناتوانێت بانگی کەسێکی تر تەواوبکات-ئەگەر بووراییەوە یان بەهەر هۆکارێکی تر-، چونکە بانگدان عیبادەتێکە بەجەستە دەکرێت، بۆیە دروست نییە دووکەس یەك بانگ بدەن".

---

٤- شرح العمدة لابن تيمية: (١٤٠\٣)، مغني المحتاج إلى معرفة ألفاظ المنهاج: (١٧٣\٢)، الفقه الإسلامي وأدلته: (٦٩٣/١).

٥- المغني لابن قدامة: (٣٠٨/١).

## بەڵگە لەسەر شەرعیەتی بانگدان لەئیسلامدا

## بەڵگەی قورئان و سوننەت و ئیجماعی زانایان هەیە لەسەر شەرعیەتی بانگدان

### بەڵگەی یەکەم لە قورئاندا:

خوای پەروەردگار لە قورئاندا دەفەرموویت: ﴿وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُواً وَلَعِباً ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ﴾ [المائدة: ٥٨]، واتە: ﴿کاتێك ئێوە بانگ دەدەن بۆ نوێژ ئەو (دوو ڕووانە) گاڵتەو لاقەرتی پێ دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەوان گەلێکی نەفام و نەزانن﴾.

### بەڵگەی دووەم لە سوننەتدا:

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ))[٦]، واتە: ((ئەگەر کاتی نوێژ هات با یەکێکتان (لەخۆتان) بانگتان بۆ بدات)).

---

٦- أخرجه البخاري: (٦٢٨)، ومسلم: (٦٧٤).

وەچەندین بەڵگەی تریش هەیە لەسوننەتدا لەبەر ئەوەی نوسینەکە زۆر دوورو درێژ نەبێت لێرەدا باسی ناکەین[٧].

## وە هەموو هاوەڵان و تابعین و زانایانی جیهان لەکۆن و تازە یەك دەنگن لەسەر شەرعییەتی بانگدان.

## حوکمی بانگ و قامەت

سەبارەت بەحوکمی بانگ و قامەت لای زانایان دوو بۆچوون هەیە، هەندێکیان دەڵێن: سوننەتی موئەککەدەن[٨]، وەهەندێکی تریان دەڵێن: فەرزی کیفائین[٩]، وە بۆچوونی دووهەم ڕاجحترە والله أعلم.

---

٧- دەتوانن بۆزانیاری زیاتر دەربارەی پاداشتی بانگدان و بەڵگە لەسەر بوونی، وە حوکم و شێوازی بانگدان کتێبی (حوکمەکانی بانگ قامەت لەسەر بۆچوونی هەرچوار مەزهەبەکە) بخوێننەوە، کتێبێکە نوسیومە لەسەر بانگدان، ص١٩.

٨- نور الإيضاح ونجاة الأرواح في الفقه الحنفي: (١/٤٧).

٩- المجموع شرح المهذب: (٣\٧٢-٨١)، الموسوعة الفقهية الكويتية: (٢\٣٥٧-٣٥٩)، الفقه على مذاهب الأربعة: (١\٢٨٣-٢٨٤).

## فەتوای زانایانی سەردەم سەبارەت بەبانگدان بەتۆماری دەنگی

هەروەکو باسمان کرد بانگدان و قامەتکردن یەکێکن لە گەورەترین عیبادەتە بەدەنییەکان، وەدەبێت کەسانێك ئەنجامی بدەن و بەوکارە هەڵسن کەئەهلیەتی ئەوکارەیان تێدا بێت.

وتەی زانایانی سەردەم سەبارەت بەبانگدان و قامەتکردن بەتۆماری دەنگی(الْمُسَجِّل) ئەوەیە کەدەڵێن: تۆماری دەنگی نابێت بەکاربهێنرێت بۆبانگدان و قامەتکردن لەمزگەوتەکاندا.

چونکە دەبێت:

- دەبێت بانگ و قامەت نییەتی لەگەڵدا بێت، هەروەکو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَاتِ))[10]، واتە: ((بەڕاستی هەموو کارێك دەبێت نیەتی لەگەڵدا بێت))، کەواتە تۆماری دەنگی نیەتی لەگەڵدا نییە، وەکەسێك ناتوانێت نیەت بۆکەسێکی تر بهێنێت، بۆیە دەبێت کەسی حازرو زیندوو بانگ بدات، وەئەگینا بانگەکە دانامەزرێت و قەبووڵ نییە.
- دەبێت دەنگی خۆش بێت.

---

١٠- أخرجه البخاري: (١)، ومسلم: (١٩٠٧).

- دەبێت بانگی ڕەوان بێت.
- دەبێت ئەمین بێت.
- دەبێت كەسێك هەڵسێت بەئەنجامدانی ئەوكارە كەنێرینەبێت، وەژیربێت.
- دەبێت ئەهلیەتی تەكلیفی تێدابێت، تۆماری دەنگیش هیچ ئەهلیەتێكی تێدا نییە، بۆیە ناكرێت بەتۆماری دەنگی بانگ بدرێت.

هەروەها دانانی تۆماری دەنگی تەرككردنی سوننەتە، كە تۆماری دەنگی بەكارهێنرا سوننەتێكی پێغەمبەرﷺ تەرك دەكرێت، تەرككردنی سوننەتیش بەئەنقەست وەك ابن دقیق[11] دەڵێت: ئیشكالێكی گەورەیە لەدیندا.

وەدانانی تۆماری دەنگی ڕێگرە لەوەی بانگبێژان پاداشتی بانگدانیان دەستكەوێت، ئەمەش كردنەوەی دەرگای فیتنەیە لەئیسلامدا نەك لابردنی فیتنە، چونكە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:

---

١١- شرح أربعون النووي لابن دقيق العيد: (١٩٥).

((لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ مَا فِي النِّدَاءِ[١٢] وَالصَّفِّ الأَوَّلِ، ثُمَّ لَمْ يَجِدُوا إِلَّا أَنْ يَسْتَهِمُوا عَلَيْهِ لَاسْتَهَمُوا))[١٣].

واته: ((ئەگەر خەڵكی بیان زانیایە بانگدان و ڕیزی یەكەمی نوێژی بەكۆمەڵ چیان تێدایە –لەگەورەیی و خێرو پاداشت– ئەگەر دەست نەكەوتایە بەتیرو پشك نەبێت، ئەوە تیروپشكیان بۆ دەكرد)).

كەواتە دانانی تۆماری دەنگی ڕێگرە لەوەی بانگبێژان پاداشتی بانگدانیان دەست كەوێت.

هەروەها پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەكی تردا فەرموویەتی: ((فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ))[١٤]، واتە: ((ئەگەر كاتی نوێژ هات با یەكێكتان (لەخۆتان) بانگتان بۆ بدات))، بەصەریحی ڕوونی كردوەتەوەو فەرموویەتی كەسێكتان لەخۆتان بانگ بدات، وە هەموو ئەمرێكیش بۆ وجوبە (الأصل في الأمر الوجوب)، مەگەر قەرینەیەك هەبێت حوكمەكەی بگۆڕێت.

---

١٢– والنداء: واتە بانگ، والصف الأول: مەبەست پێشبڕكێ كردنە بۆ ڕیزی یەكەمی جەماعەت، والاستهام: هەڵبژاردن(قورعە).

١٣– متفق عليه: أخرجه البخاري: (٦١٥)، ومسلم: (٤٣٧).

١٤– أخرجه البخاري: (٦٢٨)، مسلم: (٦٧٤).

## ئەمەش فەتوای کۆمەڵێك لەزانایانی شارەزا لەزانستی فیقهدا نووسیویانە دەربارەی بانگدان بەتۆماری دەنگی

## (الموسوعة الميسرة في فقه القضايا المعاصرة)

رفع الأذان مسجلاً عن طريق الأجهزة، بحيث يبث مسجلا عن طريق أثير الإذاعات أو الدوائر الإلكترونية أو الأقمار الصناعية، ويستغنى بذلك عن الأذان حقيقة، وحكم هذه عدم الجواز، وأن الواجب أن يتولى الأذان في كل مسجد رجل بشروطه المعتبرة فيه شرعا. وبهذا صدر قرار مجلس المجمع الفقهي الإسلامي برابطة العالم الإسلامي، وقرار هيئة كبار العلماء بالمملكة العربية السعودية، وبه أفتت اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء، والشيخ مُحَّمد بن إبراهيم، والشيخ ابن باز، والشيخ مُحَّمد بن عثيمين، ولا يُعلم من قال بجواز ذلك مطلقا، وإن كان قد جرى به العمل في بعض البلاد الإسلامية.

"فقد نظر مجلس المجمع الفقهي الإسلامي برابطة العالم الإسلامي في الاستفتاء الوارد من وزير الأوقاف بسوريا بتاريخ ١٤٠٥هـ بشأن حكم إذاعة الأذان عن طريق مسجلات الصوت «الكاسيت» في المساجد؛ لتحقيق تلافي ما قد يحصل من فارق الوقت بين المساجد في البلد الواحد حين أداء الأذان للصلاة المكتوبة.

وعليه فقد اطلع المجلس على البحوث المعدة في هذا من بعض أعضاء المجمع، وعلى الفتاوى الصادرة في ذلك من سماحة المفتي سابقًا بالمملكة

العربية السعودية الشيخ محمد بن إبراهيم آل الشيخ -رحمه الله عام-١٣٧٨هـ، وما قررته هيئة كبار العلماء بالمملكة عام ١٣٩٨هـ، وفتوى الهيئة الدائمة بالرئاسة العامة لإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد في المملكة .، وتتضمن هذه الفتاوى الثلاث عدم الأخذ بذلك، وأن إذاعة الأذان عند دخول وقت الصلاة في المساجد بواسطة آلة التسجيل ونحوها لا تجزئ في أداء هذه العبادة. وبعد استعراض ما تقدم من بحوث وفتاوى، والمداولة في ذلك فإن مجلس المجمع الفقهي الإسلامي تبين له ما يلي:

١. أن الأذان من شعائر الإسلام التعبدية الظاهرة، المعلومة من الدين بالضرورة بالنص وإجماع المسلمين، ولهذا فالأذان من العلامات الفارقة بين بلاد الإسلام وبلاد الكفر، وقد حكي الاتفاق على أنه لو اتفق أهل بلد على تركه لقوتلوا.

٢. التوارث بين المسلمين من تاريخ تشريعه في السنة الأولى من الهجرة وإلى الآن، ينقل العمل المستمر بالأذان لكل صلاة من الصلوات الخمس في كل مسجد، وإن تعددت المساجد في البلد الواحد.

٣. في حديث مالك بن الحويرث رضي الله عنه أن النبي ﷺ قال: (فَإِذا حَضَرَتْ الصَّلاةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ)، (البخاري: ٦٢٨، ومسلم: ٦٧٤).

٤. أن النية من شروط الأذان، ولهذا لا يصح من المجنون ولا من السكران ونحوهما، لعدم وجود النية في أدائه فكذلك في التسجيل المذكور.

٥. أن الأذان عبادة بدنية، قال ابن قدامة -رحمه الله تعالى- (وليس للرجل أن يبني على أذان غيره؛ لأنه عبادة بدنية فلا يصح من شخصين كالصلاة) ا.هـ.

وبناء على ما تقدم فإن مجلس المجمع الفقهي الإسلامي يقرر ما يلي: "أن الاكتفاء بإذاعة الأذان في المساجد عند دخول وقت الصلاة بواسطة آلة التسجيل ونحوها لا يجزئ ولا يجوز في أداء هذه العبادة، ولا يحصل به الأذان المشروع، وأنه يجب على المسلمين مباشرة الأذان لكل وقت من أوقات الصلوات في كل مسجد على ما توارثه المسلمون من عهد نبينا ورسولنا مُحَمَّد -ﷺ- إلى الآن، والله الموفق، وصلى الله على سيدنا ونبينا مُحَمَّد وعلى آله وصحبه أجمعين"[١٥].

---

١٥- أحكام الأذان والنداء والإقامة: ص١٧٦-١٧٧، وقرارات مجلس المجمع الفقهي الإسلامي: (ص١٨١)،

## فتاوى اللجنة الدائمة:

ورد في هذا الموضوع الفتوى رقم (١٠١٨٩) من فتاوى اللجنة الدائمة في السعودية في سؤال عن الأذان بالمذياع جاء فيه: "الأذان الذي يذاع من المسجل لا يكفي عن الأذان الشرعي المشروع للإعلام بدخول الوقت؛ لأنه ليس أذانا حقيقيا وإنما هو صوت مخزون، والأذان عبادة لا بد فيها من عمل ونية؛ لقول النبي ﷺ: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى»، وعليه فلا بد من الأذان عند دخول الوقت في المكان الذي يصلى فيه، وإذا احتيج إلى مكبر الصوت لأجل إبلاغ الناس للحضور للصلاة فحس، وبالله التوفيق، وصلى الله على نبينا مُحَمَّد وآله وصحبه وسلم"[١٦].

## فتاوى دار الإفتاء المصرية:

"لا يكتفى بالأذان المسجل أو المذاع فإن المسلمين مطالبون به كما صح فى قول النبى ﷺ "إِذَا حَضَرَتِ الصَّلاَةُ فَلْيُؤَذِّنْ أَحَدُكُمَا" رواه البخارى ومسلم. والأذان سنة مؤكدة كما رآه أبو حنيفة والشافعى. وقال أبو بكر بن عبد العزيز: هو من فروض الكفاية وهو قول أكثر أصحاب أحمد بن حنبل وقول بعض أصحاب مالك. ويدل علي فرضيته أمر النبى ﷺ به كما سبق ومداومته هو وخلفاؤه عليه والأمر هنا للوجوب والمداومة عليه تدل عليه،

---

١٦– فتاوى اللجنة الدائمة (٥/٦٢)

ولأنه شعار الإسلام "المغنى لابن قدامة ج ١ ص ٤٣١ " ومن أوجبه من الحنابلة أوجبه على أهل المصر"، وقال مالك: يجب فى مساجد الجماعة، ويكفى فى العصر أذان واحد إذا كان يسمعهم، وبهذا يعلم أنه واثب أو سنة بالنسبة للفرد أو بالنسبة للجماعة، ويكره تركه و يأثم من تركه على رأى من يوجبه، ولابد أن يكون من مسلم ولا يكفي إذاعة تسجيله"(١٧).

## ئەو زانایانەو ئەو لیژنانەی فەتوایان داوە لەسەر نادروستیی بانگدان بەتۆماری دەنگی

**لەوانە:** فەتوای کۆڕی زانایانی جیهانی فیقهی ئیسلامی سەردەم، فەتاوای لیژنەی دائیمی، فەتاوای دار الافتای میصری، وەزارەتی ئەوقافی کوەیتی، وەزارەتی ئەوقافی ئیماراتی، مەوقعی دار الافتای ئەردەنی، شێخ ابن باز، شێخ محمد بن إبراهیم ال شێخ، شێخ ألبانی، شێخ ابن عثیمین، وە چەندین فەتوای تریش هەیە لەسەر نادروستیی تۆماری دەنگی(المُسَجِّل) بۆ بانگدان لەناو مزگەوتدا، لەهامیشدا سەرچاوەکانیان دەنوسین(١٨).

---

١٧- دار الإفتاء المصرية: (٩/١٧٩).

١٨- الجامع لأحكام الصلاة، لأبي أياس: (٢/١٢٦)، فتاوى دار الإفتاء المصرية: (٩/١٧٩)، موسوعة الفقه الإسلامي، للتوجيري: (٢/٤٠٠)، الدرر المنتقاة من الكلمات الملقاة، للشقاوي: (٨/٩٨)، قرارات مجلس المجمع الفقهي الإسلامي: (ص١٨١)، أبحاث هيئة كبار العلماء (الدورة ١٢ عام

وەتائێستا هیچ بەڵگەیەکم نەبینیوە کەبیسەلمێنێت و بلێت تۆماری دەنگی (المُسَجِّل) کێشەی تێدا نیە بۆ بانگدان، وەهەموو کارێکیش کەئەنجام بدرێت لەئاینی ئیسلامدا دەبێت بەبەڵگەوە ئەنجام بدرێت.

**بۆیە دەڵێم:**

**ئەگەر کێشەی بانگدان درووست بوو لەنێوان بانگبێژەکان و خەڵکی مزگەوتێکدا، ئەوە دەری دەخات کە ئیمامی ئەو مزگەوتە نەیتوانییوە بەکارەکانی خۆی ڕابگات و چارەسەری ئەو کێشەیە بکات.**

---

١٣٩٨، فتاوى اللجنة الدائمة (٦٦/٦) رقم(١٠١٨٩)، فتاوى الشيخ محمد بن إبراهيم آل الشيخ (٤١٢.٤١١/٢)، موقع الشيخ ابن باز/http://www.binbaz.org.sa/mat ١٤٥٠٣، الشرح الممتع لابن العثيمين (٦٩/٢)، مجموع الفتاوى والرسائل (١٩٢/١٢، ١٩٦)، فتاوى وزارة الأوقاف الكويتية (٢٢٢/١)، سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة (٣٢٢.٣٢١/١٢)، موقع الهيئة العامة للشؤون الإسلامية والأوقاف بالإمارات (٥٣٩٨) http://www.awqaf.ae: مركز الإفتاء:فكرة حضارية طبقت في الدولة وفق الضوابط الشرعية(albayan.ae) ، موقع دائرة الإفتاء الأردنية، فتوى (٣٩٣) http://www.aliftaa.jo ، حوار مع المفتي أحمد بدر الدين حسون http://www.syria-news.com/readnews.php?sy_seq=١٠١١٢٦)، موقع الشيخ ابن باز (فتاوى نور على الدرب(١٤٥٤٣) .http://www.binbaz.org.sa/mat.

## ئایا دروسته لەمزگەوتێکدا بانگ بدرێت و بانگەکەی بگوازرێتەوە بۆ مزگەوتەکانی تر

سەبارەت بەوەی کەسێك بانگبێژی بکات لەمزگەوتێکدا وەدەنگەکەی بەئەلیکترۆنی نەقلّ بکرێت بۆ مزگەوتەکانی تری ئەو شارە-واتە نەقلّبکرێت تەنها بۆ مزگەوتەکانی ئەو شارە نەك بۆشارێکی تر-، ڕاجیاییەك هەیە لەنێوان زانایانی سەردەمدا سەبارەت بەو بابەتە:

١- اللجنة الدائمية وەئەوقافی سعودی وەئەوقافی کوەیتی وەشێخ ألبانی[١٩] دەڵێن: دروست نییە بانگی کەسێك نەقلّبکرێت بۆ مزگەوتەکانی تر، چونکە بانگبێژەکانی مزگەوتەکانی تر بێبەش دەبن لەپاداشتی بانگدان، هەروەکو ابن مونزیر دەڵێت: "واجبە بۆ هەموو جەماعەتێك لەماڵ و لەسەفەردا بانگ و قامەت بدرێن، کەواتە دەبێت لەهەموو مزگەوتێکدا بانگ بدرێت، نەك نەقلّی بانگی مزگەوتێکی تر بکرێت.

٢- دار الافتاء الأردنیة وەدار الإفتاء المصریة وەئەوقافی ئیماراتی وەشێخ ابن باز دەڵێن: دروستە بانگی یەك کەس بگوازرێتەوە بۆ

١٩- سلسلة الأحادیث الضعیفة والموضوعة وأثرها السیئ في الأمة، للألباني: (٣٢١/١٢) برقم ٥٦٤٠.

مزگەوتەكانی تر، چونكە مەرجەكانی بانگبێژی تێدا هاتووەتەدی، هەرچەندە باشتر وایە هەرمزگەوتەو بانگی خۆی تێدا بدرێت.

وە قەولی ڕاجح واللە أعلم ئەوەیە كەهەردوو قەولەكە دەكرێت جێ بەجێ بكرێت، وەدروستە تەنها یەك كەس بانگبێژی بكات و لەهەمان كاتدا بانگەكەی بگوازرێتەوە بۆ مزگەوتەكانی تر، بەڵام باشتروایە تا بانگبێژ هەبێت ئەوكارە نەكرێت و هەر مزگەوتەو بانگی خۆی تێدا بدرێت، وەبۆئەوەی بانگبێژانمان بێبەش نەبن لەو پاداشتەدا.

بۆ زیاتر ورد بوونەوەو بەڵگەی زانایان لەسەر ئەم بابەتە دەتوانن لەسەر ئەم سایتە( E3arabi ) بەڵگەكان بخوێننەوە كەلێرەدا بەوردی ڕاجیایی زانایان وەبەڵگەكانیانی باسكردووە:

(https://e3arabi.com/islam/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B0%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%AD%D8%AF/).

# کۆتایی

خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾(آل عمران: ١٣٢)، وە دەفەرموویێت: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحْذَرُواْ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ﴾ (المائدة: ٩٢)، هەروەها دەفەرموویێت: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ (الأنفال: ١).

باكارێك نەكەین خوای پەروەردگار لەخۆمان بڕەنجێنین، ئەوەتا پێمان دەفەرموویێت گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ بكەین، دەی پێغەمبەرﷺ فەرمانی بەبانگبێژكردووە تا بانگ بدات، فەرموویەتی: ((قُمْ فَأَذِّنْ))[٢٠]، ئەی بیلال هەستە بانگ بدە، ئەم مەرجانەش لەتۆماری دەنگیدا نایەنەدی، هەروەها ئەگەر دروست بوایە تۆماری دەنگی بەكار بهێنین ئەوە عومەری كوڕی خەتتاب و عبدالله ی كوڕی زەید خەونیان نەدەبینی، وە ڕێگە دەدرا جارێك زەنگۆڵەیەك وەك زەنگۆڵەكانی گاورەكان لێبدرێ و، جارێك كەڕەنایەك وەك كەڕەنای جولەكەكان لێ بدرێت، وەجارێكیش بانگ بدرێت، بۆیە ئەوكاتە ئەو بابەتە لەسەر دەمی پێغەمبەرﷺ یەكلا كرایەوە بۆئەوەی جارێكی تر دەستكاری نەكرێت و بۆچونی جیاواز نەهێنرێت.

---

٢٠- أخرجه البخاري: (٥٩٥).

داواکارم لەخوای پەروەردگار یارمەتیمان بدات بۆ سەر ڕێگای ڕاست و بەرچاو ڕوونی زیاترمان پێ بدات لەشارەزابوون لەدینەکەیدا.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ العَالَمِيْن، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وِعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِيْنَ.

سُبْحَانَ رِبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِيْنَ وَالْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِيْنَ.

**آزاد فائق پێنجوێنی**

سلێمانی

(٢٢محرم/١٤٤٤ك- ٢٠/٨/٢٠٢٢ز)

# سەرچاوەكان

**١- أحكام الأذان والنداء والإقامة:** للسامي فراج الحازمي، دار ابن الجوزي، ط١، ١٤٢٠هـ.

**٢- سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة:** للألباني، دار المعارف، الرياض - المملكة العربية السعودية، الطبعة: الأولى، ١٤١٢ هـ / ١٩٩٢ م،٣٢١/١٢،برقم ٥٦٤٠.

**٣- شرح الأربعين النووية في الأحاديث الصحيحة النبوية:** تقي الدين أبو الفتح مُحَمَّد بن علي بن وهب بن مطيع القشيري، المعروف بابن دقيق العيد، مؤسسة الريان، الطبعة: السادسة ١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٣ م.

**٤- صحيح فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة:** أبو مالك بن السيد سالم، المكتبة التوفيقية.

**٥- صحيح البخاري:** مُحَمَّد بن إسماعيل البخاري (سنة الوفاة: ٢٥٦)، المحقق: د. مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير - اليمامة- بيروت، الطبعة: الثالثة، ١٤٠٧ – ١٩٨٧.

**٦- صحيح مسلم:** مسلم بن الحجاج: (سنة الوفاة ٢٦١)، المحقق: مُحَمَّد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي- بيروت، الطبعة: الأولى.

**٧- الجامع لأحكام الصلاة:** لأبي إياس محمود بن عبد اللطيف بن محمود (عويضة)، الطبعة الثانية ٢٠٠٢م.

**٨- فتاوى دار الإفتاء المصرية:** دار الإفتاء المصرية، تاريخ النشر بالشاملة: ٨ ذو الحجة ١٤٣١.

**٩- الفقه على المذاهب الأربعة:** عبد الرحمن بن مُحَمَّد عوض الجزيري، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، الطبعة: الثانية، ١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٣ م.

١٠- **فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية، جمع وترتيب:** أحمد بن عبد الرزاق الدويش، رئاسة إدارة البحوث العلمية والإفتاء - الإدارة العامة للطبع - الرياض.

١١- **مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج:** شمس الدين، مُحَمَّد بن أحمد الخطيب الشربيني الشافعي (المتوفى: ٩٧٧هـ)، دار الكتب العلمية، الطبعة: الأولى، ١٤١٥هـ - ١٩٩٤م.

١٢- **موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة:** وهبة الزحيلي، دار الفكر- دمشق- برامكة، الطبعة: الثالثة، ١٤٣٣هـ- ٢٠١٢م.

١٣- **مقاييس اللغة:** أبو المحسن أحمد بن فارس بن زكريا.

١٤- **المغني،** لموفق الدين أبي مُحَمَّد عبد الله بن أحمد بن مُحَمَّد بن قدامة المقدسي الجماعيلي الدمشقي الصالحي الحنبلي، دار عالم الكتب، للطباعة والنشر والتوزيع.

١٥- **الموسوعة الفقهية الكويتية:** صادر عن: وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية- الكويت، الطبعة الثانية، طبع الوزارة.

١٦- **المجموع شرح المهذب ((مع تكملة السبكي والمطيعي)):** أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (المتوفى: ٦٧٦هـ)، دار الفكر، (طبعة كاملة معها تكملة السبكي والمطيعي.

١٧- **نور الإيضاح ونجاة الأرواح في الفقه الحنفي:** المؤلف: حسن بن عمار بن علي الشرنبلالي المصري الحنفي (المتوفى: ١٠٦٩هـ)، المحقق: مُحَمَّد أنيس مهرات، الناشر: المكتبة العصرية، الطبعة: ١٢٤٦ هـ- ٢٠٠٥ م، عدد الأجزاء: ١.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی م. نوری فارس حمەخان | ١ |
| پێشەكی م. محمد ملا فائق | ٤ |
| پێشەكی م. سامی مەزوری | ٥ |
| پێشەكی ئامادەكار | ٧ |
| پێناسەی بانگدان | ٩ |
| ئایا بانگدان عیبادەتە | ٩ |
| بەڵگە لەسەر شەرعییەتی بانگدان | ١١ |
| حوكمی بانگدان | ١٢ |
| فەتوای زانایانی سەردەم سەبارەت بە بانگدان بەتۆماری دەنگی (المسجل) | ١٣ |
| فەتوای كۆمەڵێك لەزانایانی شارەزا لەزانستی فیقهدا نووسیویانە دەربارەی بانگدان بەتۆماری دەنگی | ١٦ |
| فەتوای لیژنەی دائیمی | ١٩ |
| فەتوای دار الإفتای میصری | ١٩ |

ئەو زانایانەو ئەو لیژنانەی فەتوایان داوە لەسەر نادروستیی بانگدان بەتۆماری دەنگی ........................................ ٢٠

ئایا دروستە لەمزگەوتێکدا بانگ بدرێت و بانگەکەی بگوازرێتەوە بۆ مزگەوتەکانی تر ........................................ ٢٢

کۆتایی ........................................ ٢٤

سەرچاوەکان ........................................ ٢٦

ناوەڕۆك ........................................ ٢٨